Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.21 22:03:49 +01'00'

# خەباتی سیاسی، یان فەسادی سیاسی!

بۆ وەڵامدانەوەی هەر روانگە و پێشنیازێک، یان پرسگرێکێک، نە تەنیا رەوا نییە، بەڵکوو ژیرانەش نییە کە ئینسان جێ بەجێ حوکم بدا و ئەو پێشنیازە یان ئەو پرسگرێکە رەد بکاتەوە، بەڵکوو رێگای مەنتەقی ئەوەیە کە بەدیل، یان رێگاچارەیێکی بۆ ببینێتەوە، ئەوسا ئەو پرسگرێکە رەد بکاتەوە.

فاتحی شێخەلیسلام، لە وەڵامی بانگەواز بۆ بەرەی کوردستانیی، بێ ئەوەی کە بەدیلێک یان وەڵامێکی بۆ ببینێتەوە، لە ژێر سەردێڕی: (جبههٔ کُردستانی کمپینِ شکست خوردهٔ باندِ مُهتَدی)، کە ئەم رستەیە بۆ خۆی تەوهینە، گوتارێکی نووسیوە، جیاواز لەوەی کە نووسینەکەی ئیستدلالێکی سیاسی تێدا نییە و پڕیەتی لە جنێو و ناسزا، پرسگرێکی نەتەوایەتی رەد کردۆتەوە و دەڵێ: **(لە ئێراندا پرسگرێک (مسئلە)ی نەتەوایەتی بوونی نییە!، یان ناسیۆنالیسمی گەلانی بندەست، درۆیەکی گەورەیە و زۆر رستەی دیکەی داوەتە دەم یەک کە جگە لە قین و تووڕەیی شتێکی دیکە دەرناخەن!)** ئەم فەرمایشتانەی فاتحی شێخەلیسلام، بە واتای ئەوەیە کە: ئەو خەڵکەی کە ستەمیان لێ دەچێ، یان ستەمیان لێ دەکرێ، لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندا بوونی نییە و لەئێراندا جگە لە نەتەوەی باڵادەستی فارس، نەتەوەگەلێکی دیکە، ناژین و رەدی دەکاتەوە! واتە خەریکە حوکمی ئەوە دەدا، کە بەڵێ ئەمە شتێکی سروشتییە و کورد دەبێ هەر ژێر چەپۆکەی نەتەوەی باڵادەست بێ و ئەم شتە قەزا و قەدەرە! لە کاتێکدا کورد بە جورمی ناسیۆنالیست بوون، بە دواکەوتوو و بۆگەن و زۆر شتی دیکە تاوانبار دەکا! من لێرەدا ئەو نامەیەم دەکەوێتەوە بیر کە کاتی خۆی مەلەکولشوعەرای بەهار و هەندێ نووسەری دیکەی پانئێرانیست، بۆ (رەزاشا)یان نووسیوە و تێیدا حوکمی ئەوە دەدەن کە: **تۆ دەبێ زمانی فارسی رەسمیی رابگەیێنی و زمانەکانی دیکە لەو وڵاتەدا بخنکێنی و نەهێڵی هیچ قەومێک سەر راست بکاتەوە!**

من دڵنیام، جیاواز لەوەی کە دڵوجەرگی دەوێ کەسێک قسەیێکی وا بکا، بەڵام من ئەمە بە هەنگاوێکی بوێرانە دەزانم بۆ فاتح شێخەلیسلام و هاوبیرەکانی کە قسەیێکی ئاوەها دێننە سەر کاغەز. جارێ من شکم تێدا نییە، ئەگەر مارکس لە ژیاندا بمابایە، داوای خەسارتی دەکرد لەم حیزبە چەپانەی کە لە ئێراندا خۆیان بە مارکسیست و کۆمۆنیست دەزانن، لە کاتێکدا هیچ لایەنێکیان ئەو لایەنەکەی دیکەی قوبووڵ نییە و هیچ کامێکیشیان ئامادە نین، کەسێک رەخنەیەکیان لێ بگرێ.

من لێرەدا دەمەوێ ئەمە بۆ خوێنەری ئەم گوتارە روون بکەمەوە کە (ح.ک.ک.ئـ)، هیچ پێوەندییەکی موسبەت و راستەوخۆی بە مارکس و تێئۆرییەکانی مارکسەوە نییە و لە گوتە و رێنوێنییەکانی مارکس، پێچەوانە تێگەییشتوون، بۆچی چونکە ئەگەر ستەمی نەتەوایەتی

هەبێ، سا دەبێ لێ بکۆڵینەوە کە ئەم ستەمە نەتەوایەتییە، بۆچی هەیە و ئەم ستەمە لە کێ دەکرێ و بە کێ ڕەوا دەبینرێ، بۆ ئەوەی پرسگرێکی بۆ ساز بکەی و ڕێگاچارەی بۆ ببینیەوە؟!

شتێکی ئاشکرایە و چەنای چەنساڵە ئەم قسەکۆنە لە لایەن سازمان و حیزب و بەناو ئینسانە پێشرۆکانی ئەو وڵاتەوە هەر دووپات دەکرێتەوە کە: ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، بۆ نموونە: کورد، ئازەری، بەلووچ، تورکمان، عەرەب و هیدیکە لەم وڵاتەدا بندەستی نەتەوەی باڵادەستن و لە هەموو مافێکی ئینسانی و فەرهەنگی خۆیان بێبەشن. کوردیش یەکێک لەو نەتەوەگەلەیە، کە لە ژێر دەسەڵاتی حوکمی ئێراندا ناتوانێ بە زمانی زگماکی خۆی کە کوردییە، بخوێنێ و بنووسێ! ڕۆژنامە بەو زمانە لە ژێر سانسۆر و خەفەخاندایە! گۆرانیی کوردیی دەبێ لە حەوتخانی ڕۆسەمەوە تێپەڕێ تا بڵاو ببێتەوە! جلوبەرگی کوردی و ناوی کوردیی بۆ منداڵان، قەدەخەیە! مۆسیقا بەگشتیی حەرامە و بە کورتیی هەڵچوونی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا سروشتیی نییە و کورد نەتەنیا بە شارۆمەنی پلە دوو، بەڵکوو بە شارۆمەنی پلە سێش نایێتە ئەژمار! ئەگەر ئەمانە ستەمی نەتەوایەتیی بن، سا دەبێ میللەتێک لەو کۆمەڵگایەدا بوونی هەبێ کە ئەم ستەمانەی پێ ڕەوا ببینرێ! چونکە مەنتق لە فەلسەفەدا وەهایە، واتە کاتێک کە ستەم بوونی هەبوو، ستەمکاریش دەبێ بوونی هەبێ! کاتێک ستەمی جنسی هەبێ، مانای ئەوەیە کە ژنان گیروگرفتیان هەیە! سا بۆ ئەوەی کە ئەم گیروگرفتانە چارە سەری بکرێن، وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، دەبێ پرسگرێک (مسئلە)یان بۆ ساز بکەی، بۆ ئەوەی ئەو ستەمانە نەمێنن.

پرسگرێک سازکردن یان پرسگرێکی پرۆبلماتیک، ئەرکی حیزبەکان، سازمانەکان و دەستە و تاکی پێشرۆی ناو کۆمەڵگایە، چونکە ئەگەر ستەمی چینایەتی نەبوایە و کرێکاران گیروگرفتیان نەبووایە، بۆچی مارکس و ئینگلس، هاتن پرسگرێکیان لێ ساز کرد و مانیفێستی کۆمۆنیستیان نووسی و ڕێگا حەلیان بۆ دانا کە چارەسەری بکەن؟!

ئەمانە سوور دەزانن کە ستەمی نەتەوایەتی لە ئێراندا هەیە و ئەو میللەتەش کە ستەمەکەی لێ دەکرێ کوردە، کەچی بە جێگای ئەوەی کە پرسگرێکی بۆ ساز بکەن، خەریکن ڕەدی دەکەنەوە و بە درۆی لە قەڵەم دەدەن و ئەو سازمان و ڕێکخراوانەش کە لە کوردستان بۆ ئەم دۆزە تێدەکۆشن بە هیچیان دادەنێن، لە کاتێکدا خۆشیان کە خۆیان بە چەپ دەزانن، نە تەنیا ناتوانن چارەیێکی بۆ ببیننەوە، بەڵکوو خەریکن میللەتێک بە هەموو شتێکییەوە پووچ دەکەنەوە! بۆ نموونە ئەوان سازکردنی (بەرەیەکی کوردستانیی) کە ئاواتی خەڵکێکی بندەست و کۆیلەیە، بە گاڵتە دەگرن و ڕەدی دەکەنەوە، بێ ئەوەی خۆیان بەدیلێکتان بۆی هەبێ!

من شکم تێدا نییە، گەورەترین گرفتی ئەمانە لەم ڕێگایەدا ئەوەیە کە نازانن تیئۆری شۆڕشگێڕانە یانێ چی! ئەمانە ئاوەژوو لە مارکسیست و کۆمۆنیسیست تێ گەییشتوون و هەر ئەوەشە کە خەڵک ئەمانە بە مارکسیست و کۆمۆنیست نازانن. ئەمانە وای لە تاقمە کردووە کە بە جێگای وەڵامێکی سیاسییانە و مەنتەقی، جنێو بدەن و هەموو شتێکی میللەتێک، لە زمانەوە بگرە تادەگاتە هونەر و ئەدەب و فەرهەنگ و تەنانەت شۆڕشەکەشی پووچ بکەنەوە! هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەمانە، هیچ پێوەندییەکی موسبەت و ڕاستەوخۆیان بە تیۆری شۆڕشگێڕانەوە نییە.

شتێک کە زۆر سەیر و سەمەرەیە و لە هەموو شتێکیان قەباحەتترە، ئەوەیە کە: هەر کەسێک لە ئەندامانی ئەم حیزبەی ئەمان دەم دەکاتەوە، دەڵێن: کورد نابێ باسی ئەوە بکا کە بندەستە، کورد بەم کارانەی، شەڕ لە نێوان ئازەریی و کورد و بەلووچ و هیدیکەدا درووست دەکا!

ئەمانە مەنسووری حیکمەت و حیزبەکەیان کردووە بە قیبلە بۆ هەموو کۆمۆنیستانی دنیا، لە کاتێکدا خاڵی هاوبەشی ئەمانە لە گەڵ مەکتەبی ئیسلام ئەوەیە کە: لە دنیای ئیسلامدا هەر ئینسانێک گوتی: ئەشهەدو ئەلائیلاهە ئیللەڵلا و ئەشهەدوئەننە موحەممەدەن ڕەسوولوڵلا، لە هەر کوێیەکی دنیادا بێ، بە موسوڵمان حیساب دەکرێ و ئەمانەش هەر کەسێک شایەتیمانی بە شانی مەنسووری حیکمەت و حیزبەکەیانا هێنا، لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بێ، کۆمۆنیستە و بۆ (ح.ک.ک.ئـ) جێگای ڕێزە!

هەر کەسێکیش لەمانە، کە وەڵامی هەر کەسێک یان هەر لایەنێک کە ڕەخنەیان لێ دەگرێ دەداتەوە، سەرانسەری جنێو و ناسزایە و هیچ پێوەندییەکی بە ئیستدلالی سیاسیی یان مەنتیقەوە نییە. ئەمانە هەر تەنیا دوژمنی جلوبەرگی کوردیی نین، بەڵکوو دوژمنایەتی لەگەڵ هەموو کەسێکی کورد دەکەن و دەڵێن: خۆراکی کورد شۆربا و نیسکە؛ کورد نازانێ پیتزا بخوا؛ مۆسیقا و گۆرانیی کوردیی هەر هۆرەیە و کورد نازانێ گوێ لە مۆسیقای کلاسیک بگرێ؛ یان زمانی کوردیی زمانێکی پیسە و جنێوی تێدایە؛ شاعیرانی کورد سەرسەرین و ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی، لۆمپەنن و ئەمەشیان بۆ سەدان جار وەکوو قەوانی کۆن لێداوەتەوە!

لە باسی شاعیرانی کورددا دەڵێن: هەژار تەوهینی بە ژن کردووە و هیدیکە! ڕاستە ئەمانە ڕاست دەکەن و منیش دان بەوەدا دەنێم کە هەژار لە هۆنراوەکانیدا تەوهینی بە ژن کردووە. بەڵام ئایا شاعیری کورد هەر هەژارە؟! من نموونەیێک لە فردۆسی و چەندین شاعیری فارس، کە میللەتی فارسزووان، زۆر خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن دێنمەوە، بۆ ئەوەی کە ڕوونی بکەمەوە ئەمانە، تا چڕادەیەک دوژمنی گەلی کوردن. فردۆسی دەڵێ:

زنان را ستـــایی سَـــگان را سِتا        که یک ســگ به از صد زنِ پارسا  فردوسی

واتە: ستاییشی ژن دەكەی؟! ستاییشی سەگ بكە!
چونكە سەگێک زۆر باشترە لە سەد ژنی داوێنپاک!
یان:
زن و اژدها هــر دو در خاک بِه        جهـان خالــی از هــر دو ناپاک بِه   فردوسی
واتە: ژن و ئەژدیها هەر دووكیان بۆ مردن باشن!
جیهان لەم ناپاكانە بەتاڵ بێ باشترە!
یان مەلیكولشوعەرای بەهار كە نموونەی شۆڕشگێڕیی یە بۆ فارسزمانان و جێگای شانازییە بۆ ئەوانەی كە ناوی كوڕەكەیان دەنێن كوورش، دەڵێ:
شاهی كه بَس به مَردی خود افتخار كرد
همچون زنان ز هَیبَتِ دُشمن فرار كرد  (ملک الشعرا)
واتە: پاشایەک كە بە ئازایەتی خۆی شانازیی دەكرد
وەكوو ژنان لەبەر سامی دوژمن هەڵات
یان رەهی موعەییێری دەڵێ:
الهی در در كَمندِ زَن نیفتی   اگر اُفتی بروز من نیفتی
زنان در مَكر و حیلت گونه گونند    فریبند و زیانند و فسونند  (رهی مُعیری)
واتە: یاڕەببی نەكەویتە داوی ژن  ئەگەر كەوتی وەكوو من نەكەویتە داو
ژنان لە مەكر و فێڵكردندا جۆربەجۆرن  فریون، زیانن، سیحرن!!
یان ناسر خۆسرەو دەڵێ:
زنان چون ناقصانِ عقل و دینند  چرا مردان رهِ آنان گُزینند
مگویید اسرارِ حالِ خویش با زن  كه یابی راز فاش از كوی و برزن   (ناسر خُسرو)
واتە: ژنان كە عەقڵیان ناقسە  بۆچی پیاوان بە قسەیان دەكەن
نهێنی خۆتان لەلای ژن باس مەكەن  دوایی لە كووچە و كۆڵان دەیبیسنەوە!!
ئەمانە دیتنی (فردۆسی و مەلیكولشوعەرای بەهار و رەهی موعەییێری و ناسر خوسرەو)ن، بەرانبەر بە ژن، لە كاتێكدا هەموو فارسزمانانی ئێران، شانازییان پێوە دەكەن، بۆ ئەوەی كە زمانی فارسییان بۆ پاراستوون!
لەوانەیە بڵێن فردۆسی هی هەزار ساڵی پێشە و مەلیكولشوعەرای بەهار كۆنە، ئەدی رەهی موعەییێری چی؟! كەوایە با نموونەیێكی باشتریان لە مەنسوور حیكمەت یان بە گوتەی خۆیان، (ماركسی زەمان) بۆ بێنمەوە، تا باشتریان بۆ روون ببێتەوە كە تەنیا هەژار نییە، بەرانبەر بە ژن كۆنەپەرستە، بەڵكوو لە هەژار كۆنەپەرستترمان هەیە. تەوهین تەوهینە و تۆفیری نییە لە چقاڵبێكدا بێ. مەنسووری حیكمەت لە وەڵامی برادەرانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێراندا دەڵێ: **(وەكوو ژن لە ژێر چارشێوەكانیانەوە بە لاچاو لێویان دەگەزن**

و ...!!) بەڵێ ئەوەش دیتنی مەنسووری حیکمەت بەرانبەر بە ژن! هەرچەند ئەمانە هیچکامیان نابن بە سەنەد و بەڵگە بۆ نیشانەی پێشکەوتوویی گەل یان نەتەوەیێک، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە کە لەناو هەموو گەل و نەتەوەیێکدا چاک و خەراپ بوونی هەیە و ئیتر پێویست نییە، ئینسان ئەوەندە ئەحمەق بێ و نەتەوەیێک بە هۆی شاعیرێک یان نووسەرێکەوە، بکاتە دواکەوتوو یان پێشکەوتوو. مامۆستا هێمن یەکێ لە شاعیرە بەرزەکانی کوردە، سەرانسەری دیوانەکەی بگەڕێ، تەوهینێکی بە ژن تێدا نابینی، دەتوانن لە کاکە فاتحیشیان بپرسن، چونکە ئەو مامۆستا هێمن باش دەناسێ.

لەمانەش گرنگتر، ئەمانە لە زەوینەوە هەتا ئاسمان دوورن لەو دنیایەی کە هاواری بۆ دەکەن! ئەمانە بەم عەقڵییەتەوە کە هەیانە، جگە لەوەی کە خۆیان کردووە بە گاڵتەجاڕی خەڵک، شتێکی دیکەیان وەبەر نەکەوتووە و ئەو حیزبە و ئەو بیر و باوەڕەی کە ئەمانە دەیانەوێ بیکەن بە کەرەسە بۆ گەییشتن بەو دنیایە، واتە دنیایەکی باشتر و ئینسانیتر، دواڕۆژی وەکوو دواڕۆژی حیزبی توودە و ئەکسەریەتە و فڕی بە سەر بیر و باوەڕی چەپ یان کۆمۆنیستییەوە نییە و نموونەی ئەمانەمان زۆر هەبووە و ئێستاش زۆرن.

دیارە من لۆمەیان ناکەم، چونکە مارکس و ئنگڵس لە دنیایەکی دیکەدا ژیاون و دەردی پرسگرێکی نەتەوایەتییان نەچێشتووە، بۆیە شتێکی وا، یان هیچ شتێکیان لەمەڕ پرسگرێکی نەتەوایەتی نەنووسیوە، جگە لە پرسگرێکی ئیرلەند نەبێ، هەتا ئەمانەش رودووی بکەون. ئەویش پرسگرێکی ئیرلەند لە روانگەی مارکسەوە لە کاناڵی ئابوورییەوە لێک دراوەتەوە، نەک لە روانگەی گەلێکی بندەستی بریتانیای ئەو کاتە. ئەو شتانەش کە لینین سەبارەت بە مافی چارەنووس و پرسگرێکی نەتەوایەتی نووسیونی، تەنیا و تەنیا لە رۆچنەی بەرژەوەندی (گەلی رووس)ەوە نووسیویەتی و ئەمانەش رەپ و راست لە رۆچنەی بەرژەوەندی نەتەوەی باڵادەستی فارسەوە بۆ پرسگرێکەکان دەڕۆن! تەنانەت بەڵگە بە دەستەوە هەیە کە چۆن لینین و ستالین، پشتی نەتەوە بندەستەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیە و ئێرانیان شکاند بۆ بەرژەوەندی رووسیە! ئازەربایجان و کوردستانی سەردەمی (کۆماری کوردستان لە مەهاباد)، نموونەیێکی بچووکن لەو خەیانەتگەلەی کە دەوڵەتی رووسی بەناو کۆمۆنیستی ئەو سەردەمە لەو نەتەوەگەلەی کرد! ساڵی ١٩٣٤ لە سۆڤیەتی کۆن، ١٠٤ زمان هەبووە، واتە زمانی خوێندن و نووسینی ١٠٤ نەتەوە، کەچی ساڵی ١٩٨٩، لە تێکڕای ئەو زمانانە، ٤٤ زمانی کە پێی دەنووسرا و دەخوێنرایەوە ماوەتەوە، ئەوانی دیکەی لە ژێر سێبەری ئاڵای سووری ئوردووگای سووسیالیزمدا لەناو چووە!! ئەمە کارەساتی دنیای کۆمۆنیستیی بوو لە سۆفیەتی ئەو سەردەمە!! ئەم حیزبە چەپانەی ئێستاش کە (کۆمۆنیستی کرێکاریی) یەکێکیانە، دەستکەمێکیان لەو حیزبانە نییە و هەر هەمان

قوماشن و له هەموو دنیاش هەر هەموویان هەر بەو چەشنە لە کڵ دەرهاتن. ئیسلامی سیاسیش وەکوو ئەمانەی نەکردووە. ئیسلامی سیاسی بە ترۆر و کوشتوبڕ دەیکا، بەڵام ئەمان لە ژێر پەردەی ئاڵای شۆڤینیستی نەتەوەی سەردەستدا.

ڕێگەچارەی پرسگرێکی نەتەوایەتی، تەنیا تیۆریی شۆڕشگێڕانە و مەنتەقی و دوور لە هەستی باڵادەستیی دەتوانێ وەڵامی بداتەوە، چونکە ئەگەر وا نەبێ، بۆ دەبێ ئەمانە ئاوەها بوونی نەتەوە و پرسگرێکی نەتەوایەتی بە هیچ بزانن و بوون و هەبوون و هەموو دیاردەییکی میللەتێکی بندەست پووچ بکەنەوە و بە هیچی دابنێن؟! شتێکی دیکەش هەیە کە ئینسان نابێ وەکوو قورعان چاو لە تیۆرییەکانی مارکس و ئنگلس بکا، دنیا گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە و ساختاری ئابووری و ڕێسی کۆمەڵایەتی هیچ وڵاتێک لە دنیادا وەکوو خۆی نەماوە و تیۆرییەکانی ئەو دوو ئینسانە گەورەیەش خەریکە وردە وردە دێنە ژێر پرسیار!

مارکس و ئینگلس لە سەردەمێکدا ژیاون کە کوردستان هەر هیچ، ئێران کە دەوڵەتێکی گەورەش بوو، تەراکتۆرێکی تێدا نەبوو کە شێفی پێ ببڕن! بازرگانیی بە کەر و هێستر دەکرا و هێشتا دنیا نەبووبوو بە دنیای کەرەسەی ماشێنیی! زۆرێک لە قسەکان و تیۆرییەکانی مارکس و ئنگلس هەر درووست لە ئاو دەرنەهاتن، بە تایبەت لە پێوەندیی لەگەڵ پرسگرێکی ئابووریدا.

من پێم وایە لە ڕۆژێکەوە کە مارکس و ئینگلس ئەم تیۆریگەلەیان خولقاندووە و خەباتی چەپ گەییشتۆتە وڵاتانی دنیای سێهەمی وەکوو لای ئێمە، ئەو زانستە، نە تەنیا دەکار نەکراوە و پیادە نەکراوە، بەڵکوو لە لایەن ئەم حیزبە بەناو چەپانەشەوە چەواشە کراوە و وایان تێکداوە کە ئەگەر مارکس و ئنگلس بمابان، بانگاشە و داوای خەسارەتیان لەم حیزبە چەپانە دەکرد! چونکە وەک لە سەرەوە باسم کرد، ئەوەندە حیزبی چەپ و مارکسیست و کۆمۆنیست، زەرەریان لە گەلانی بندەست داوە، ئیسلامی سیاسیش نەیداوە!

بەراستی دەبێ ناسیۆنالیستان و پانئێرانیستەکانی ئێران، شوکرانەبژێر و چاکەبێژی (ح.ک.ئـ) بن، چونکە ئەگەر ڕەزاشا، ڕاستەوخۆ زمانی کوردیی و جل و بەرگی کوردیی لە کوردستانی بندەستی ئێراندا قەدەخە کرد، ئەم تاقمە، لە ژێر ئاڵای کۆمۆنیستی کریکاریدا، دەیانەوێ زمان و فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست کە فارسییە، بە سەر زمان و فەرهەنگی کوردیدا هەر زاڵ و سوار بهێڵنەوە و هەموو شتێکی ئەو نەتەوەیە پووچ بنوێنن و شەرەف و کەرامەتی بریندار بکەن.

لە ئێراندا، ٢٥٠٠ ساڵە حکوومەت هەیە، هەرچی هاتۆتە سەر دەسەلات لەو وڵاتە، پاشا و سوڵتان و پیاوکوژ و چەتە و قاتڵ بووە! لە کوورشی کەبیرەوە بگرە تا خومەینی! هەر حیزبێکی چەپیش هاتبێتە سەر کار، هەر لەناو زگی ئەوانەدا گەرای داناوە و لە ناو قوڵی

فەرهەنگی ئەو خونێرێژانەوە، هەڵقوڵیوە! هەمووشیان وەکوو (ح.ک.ک.ئـ)، بۆ تەمامیەتی ئەرزیی ئێران، بەرۆکی خۆیان دادڕیوە و کەسیشیان نەیانگوتووە: با ئێران وەک وڵات و نەتەوە هەڵوەشێتەوە، چونکە وڵاتێکی چەند نەتەوەییە و کوردیش یەکێ لەو نەتەوەگەلەیە کە لەم وڵاتەدا بندەستە!

نازانم ئەمانە، بە چی بەڵگە و دەلیلێک دەڵێن: ئێمە چەپ و کۆمۆنیستین؟! ئەمانە کە بانگاشەی دنیای نوێ و ژیانێکی ئینسانیتر دەکەن، بۆچی لە بەرانبەر کارەساتێکی وەکوو هەڵەبجەدا کە دوای هیرۆشیمای پاش شەڕی جیهانیی دووهەم، تەنیا کارەساتێک بوو کە ویژدانی مرۆڤایەتی لە بەرانبەریدا بێدەنگ و کڕ مایەوە، بێدەنگ مان؟! کامە رۆشنبیری تورک و فارس و عەرەب، سمایل بێشکچی لێ دەرچێ، باسی ئەنفال و کوشتاری کورد و ئەو کارەساتانەی کە بەسەر ئەم نەتەوە بندەستدا هاتووە، هێناوەتە سەر زمان، یان کاغەز؟!

مەنسووری حیکمەت، کاتێ کە شەڕی ئێراق و کووەیت بوو و هێشتا کوردستان بە دەست حکوومەتی بەعسەوە بوو، دیفاعی لە (سەددام حسێن)ی قاتڵی بەشەرییەت دەکرد، ئەو سەددامەی کە کوردستانی بۆمباران کرد و ئەنفالی بە سەر کورددا هێنا. لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا، دوو کەسی خەڵکی مەریوان و بانەیان ناردبوو بۆ ئەمنی سلێمانی و راپۆرتیان لە خەڵکی سلێمانی دابوو و بە ئەمنی سلێمانیان گوتبوو: خەڵک خۆی ئامادە کردووە بۆ راپەڕین! دوو کەسەکەش بەمەشەوە نەوەستابوون و بە سندووق فیشەکیان بە قسە خۆیان بە قەرز دابوو بە ئەمنی سلێمانی، چونکە ئەو خەڵکەی کە لە باشووری کوردستان بۆ مافی ئینسانیی و بەرحەقی خۆیان راپەڕیبوون، مەنسووری حیکمەت بە ناسیۆنالیست و دواکەوتووی دەزانین و راپەڕینەکەشیانی بە دەسکردی ئامریکا لە قەڵەم دەدا. کەچی مەنسووری حیکمەت بەر لەوەی لە کۆمەڵە جیا ببێتەوە، لە وتارێکدا کە لە دژی (سازمان وحدت کومونیستی ایران) نووسیویەتی، دەڵێ: (**ئەوانەی کە بە خەڵکی کوردستان دەڵێن: دواکەوتوو، بۆگەنی شۆڤینیستی لە سەر تا پایان دێ!**) سەیرە، ئەمە جگە لەوەی بانێکە و دوو هەوا، لە سیاسەتیشدا، یانێ بێئەخلاقی! یانێ شەڕی رق و تۆڵەی عەشیرەتیی! ئەی ئەگەر وا نییە، بۆچی ئێستا بە کوردی بندەستی چەوساوە، کە بە دەستی هاوزووانەکانی مەنسووری حیکمەت دەچەوسێنەوە و ناسنامەی نەتەوایەتییان لێ داتەکێنراوە، تەوهین دەکەن و شەڕی پێ دەفرۆشن.

ئەمانە، بەو کەسانەی کە رەخنە لە حیزبەکەیان دەگرن، ئێژن: دواکەوتوو، عەشایەر، لۆمپەن، چەقۆکێش و زۆر وشەی دیکەی لەم بابەتانە و دەڵێن: ئەمانە بە شێوەی عەشایەریی دەجووڵێنەوە! من هیچ شکم تێدا نییە، کە ئەمانە زیاتر لە هەموو لایەن و کەسێک، شەڕی عەشایەریی و ناسیاسی و دواکەوتووانە لە گەڵ دژبەرانی خۆیان دەکەن! لە شەڕی

عەشایەرییدا، عەشیرەتێک جنێو بە شەرەف و نامووسی بەرانبەرەکەی دەدا، دوژمنایەتی خوێنینی لەگەڵ دەکا، باسی ژن و دایکی عەشیرەتەکەی دیکە دەکا. ئەمانەش رێک بەم چەشنە، باسی ژیانی تایبەتی خەڵک دەکەن، جنێو دەدەن و شەڕ بە دژبەرانی خۆیان دەفرۆشن، کە ئەمە دوورە لە ئاکار و کردەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

مەنسووری حیکمەت بۆ کۆنگرەکەیان (بەنی سەدر) و (کوڕی شا) و کەسایەتی بەنێوبانگی ئێران، (یەدوڵلا خوسرەو شاهی) بانگ کردبوو!! خوسرەوشاهیش لە وەڵامدا نامەیەکی بۆیان بەڕێ کردبوو و گوتبووی: من ئامادە نیم لە کۆنگرەکەتاندا بە لای دەست ئەوانەوە دانیشم کە هێشتا جێگای داخ و ئەشکەنجەیان بە لەشمەوە دیارە! سەرەڕای ئەمە، ئێستا لە گەڵ دارودەستەی کوڕی شا، بۆ ئەوەی لە تەلەڤزیۆنەکەیان کەڵک وەرگرن، بوونەتە هاوسەنگەر و پێکەوە ئەوان بە وێنەی (رەزا پالەوی) و ئەمانیش بە وێنەی (مارکسی زەمان)ەوە، خۆنیشاندان رێک دەخەن و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی یەکدیدا بەشداریی دەکەن!

(نەویدی ئەخگەر)، کە یەکێ لە کۆنەپەرستترین ئینسانەکانی ناو موجاهدینی خەڵکە و بە دەیان نامەی هەیە کە بۆ رەهبەری عەزیمولشەئنی خۆی، (مەسعوود رەجەوی) نووسیویەتی، ئێستا تاریفیان دەکا و شتیان بۆ دەنووسێ و فڕی بە سەر چەپ و کۆمۆنیستەوە نییە و موسوڵمانێکە ئاو لێڵ ناکا، کەچی وێنەکەی لە سەرەوەی سایتەکەیان دادەنێن.

**تۆ بڵێی بیر و باوەڕی کۆمۆنیستیی ئەمە بێ؟! ئەوانەی کە خۆیان بە چەپ و کۆمۆنیست دەزانن، بەڕاستی دەبێ نموونەی ئینسانییەت بن، نموونەی ئەدەب و ئەخلاق بن، چونکە بیر و باوەڕی کۆمۆنیستیی، بیر و باوەڕێکی ئینسانییە، بیر و باوەڕی عەداڵەت و بەرابەریی یە، بیر و باوەڕی وەدیهێنانی ژیانێکی ئینسانیترە، تەنانەت ئەگەر دوژمنەکانیشیان تەوهینیان پێ بکەن، نابێ کاردانەوەیان وەکوو بەرانبەرەکەیان بێ. چونکە ئەوانەی کە خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانن، خۆیان لە جنێو و تەوهین و فەحاشی و تەوس و توانج و لوقوز و قسەی لومپەنانە، بە دوور دەگرن.**

ئەمانە شۆڤینیستن، فەساد و فەحشا لە نووسینەکانیانا بڵاو دەکەنەوە، جنێو بە شەهیدانی کورد و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد دەدەن، ئەو ئەدەبیاتەی کە بەکاری دێنن، بەڕاستی ئەدەبیاتێکی وەکوو خۆیان دەڵێن: لومپەنانە و چەقۆکێشانەیە، نە تەنیا ئیمانیان بە پرسگرێکی کورد و دۆزە رەواکەی نییە، بەڵکوو تەوهینی پێدەکەن، ئەوەندەش جنێو بە کورد دەدەن، ئەوندە باسی ئەو دەستە و لایەنانە ناکەن کە سەر زمان و بن زمانیان، (خەلیجی هەمیشە فارس) و (درفش کاویانی) و (ئێرانی سەرزەوینی هەخامەنشی) و (ئیمام زەمان) و (مەحسوومەی قۆم) و (ئیمامی ئوممەت)ە! ئەمەیە فەرهەنگی کۆمۆنیستی کرێکاریی.

وەک لە سەرەوە گوتوومە، دیسان دەیڵێمەوە: من شکم تێدا نییە، گەورەترین گرفتی ئەمانە لەم ڕێگایەدا ئەوەیە کە نازانن تیئۆری شۆڕشگێڕانە یانێ چی! ئەمانە ئاوەژوو لە مارکسیست و کۆمۆنیسیست تێگەییشتوون، هەر ئەوەشە کە خەڵک بە کۆمۆنیستیان دانێن. لە لایەکی دیکەش، وشیاریی نەتەوایەتی، خەڵکی کوردی وریا کردۆتەوە کە: کۆیلە و بندەستە و ناو و ناسنامەی ناقانوونییە و کەرامەتی ئینسانیی لێ داتەکێنراوە و سووکایەتیی پێ دەکرێ، بۆیە زۆر هەست بە شەرم دەکا کە وابەستەیە بە کۆمەڵگایەکی دیکە و کۆیلە و بندەستی نەتەوەیێکی دیکەیە کە نەتەوەی سەردەستە! بە کورتی، وشیاریی نەتەوایەتی خەڵکی کورد لە کوردستان، وای لەمانە کردووە کە شیر و تیر لە دار و بەردی ئەم نەتەوەیە بسوون! ئەمانە وای لەم تاقمە کردووە کە بە جێگای وەڵامێکی سیاسییانە و مەنتەقی، جنێو بدەن و هەموو شتێکی میللەتێک، لە زمانەوە بگرە تا دەگاتە هونەر و ئەدەب و فەرهەنگ و تەنانەت شۆڕشەکەشی پووچ بکەنەوە! ئەمەیە فەرهەنگی شۆڤینیستیی کۆمۆنیستی کرێکاریی. هۆکاری ئەمانەش هەموو، ئەوەیە کە: ئەم داروودەستەیە، هیچ پێوەندییەکی موسبەت و ڕاستەوخۆیان بە تیۆری شۆڕشگێڕانەوە نییە و ئەمانە تاقمێکی سەرلێشێواوی سێکتی مەزهەبین.

ناسری ڕەزازی ستۆکهۆڵم ٢٠٠٣/١٢/١٠